هەولێر.. ئاگر لە قوتابخانەیەکی گەڕەکی موفتی کەوتەوە



ئەمڕۆ هەینی ، بەرگری شارستانی هەولێر رایگەیاند، ئاگر لە قوتابخانەیەکی گەڕەکی موفتی کەوتەوە و هیچ زیانێکی گیانی نەبووە.

بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر بڵاویکردەوە، کاتژمێر 12,28ی نیوەڕۆ، لە یەکێک لە قوتابخانەکانی سنووری گەڕەکی موفتی بە ناوی قوتابخانەی باز ئاگرکەوتەوە.

بەڕێوەبەرایەتییەکە ئاماژەی بەوەکرد، لە ماوەیەکی کەمدا لەلایەن تیمەکانی بەرگری شارستانی ئاگرەکە کۆنترۆڵکرا و هیچ زیانێکی گیانی نەبووە، تەنها زیانی ماددی بەر دوو هۆڵی خوێندن کەوتووە.